**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردییدا

# لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی (هالیدای و ڕوقیە حەسەن)ەوە

**م.ی. شادان حمەئەمین محەمەد**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، کوردستان/ عێراق
Shadanhamaamin2@gmail.com

**پ.ی. شێروان حسێن حەمەد**
بەش کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی ڕاپەڕین، شاری ڕانیە، کوردستان/ عێراق
Sherwan983@uor.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١١/٣٠
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/٢
بڵاوکردنەوە:بەهاری ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Cohesion, Ellipsis, Reference, Substitution, Grammatical cohesion.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.8

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردیدا)، تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە و تیشک خستنەسەر پرۆسەی لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردیدا، بەپێی بنەماکانی زمانەوانیی سیستەمی ئەرکیی (systematic functional linguistics) هەردوو زمانەوان (هالیدای و ڕوقیە حەسەن)، کە یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی زمانەوانی ئەرکی، کە لەسەر بنەمای ئەرک و واتا بنیاتنراوە، کاتێک قسەکەر/ نووسەر چەمکێک بەشێوەی کۆمەڵێک ڕستە دەردەبڕێت، بەدوای بەدەستهێنانی دەقێکی یەکگرتوودا دەگەڕێت، دەقێک کە سەرەتاکەی بە کۆتاییەکەیەوە گرێدرابێت، ئەمەش بەدی نایەت تاوەکو لەنێوان بەشە پێکهێنەرەکانی دەقدا پتەویی و بەندکردنێکی تەواو نەبێت، ئەو کەرەستانەش کە ڕۆڵیان لە درووستکردن و بنیاتنانی پەیوەندی لەنێوان ڕستەکاندا هەیە بە کەرەستەکانی دەقبەستی (cohesive devices) ناو دەبرێن، کە لە

کۆمەڵێک کەرەستەی فەرهەنگی و ڕێزمانی پێکدێن، لەنێوان بەشە پێکهێنەرەکانی دەقدا هەن، ئەم کەرەستانە دەق لە کۆمەڵێک ڕستەی بێواتای پێکەوە هاتوو جیادەکەنەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا دەقبەستی ڕێزمانیی دابەشدەبێت بۆ چواربەش، کە بریتین لە: ئاماژە، لەبریدانان، کرتاندن، بەستن، سنووری توێژینەوەکەی ئێمە تیشک دەخاتەسەر هەردوو پرۆسەی لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردیدا.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردوو پرۆسەی لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی زانستی زمانیی دەق، بە لقە تیۆری زمانەوانیی سیستەمی ئەرکی هەردوو زمانەوان هالیدای و ڕوقیە حەسەن، ئەم دوو زمانەوانە یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٦ز بە نووسینی کتێبی (Cohesion in English) تیۆری دەقبەستییان لە زمانی ئینگلیزیدا بنیاتنا، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٨٥ز بەنووسینی کتێبی ( Language, Context and text: aspects of language in social-semiotic perspective) گۆڕاکارییان لە کۆمەڵێک لایەنی تیۆرەکەدا کرد، واتە کتێبی دووەم بوو بە تەواوکاریی کتێبی یەکەم، لەو کاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ ئەم تیۆرییە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە بواری دەقبەستیدا بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان، ئەمان هەبوونی پەیوەندی دەقبەستی گرێدەدەن بە شیکردنەوە و گوزارشتی کۆمەڵێک کەرەستە لە دەقدا، کە بەستراون بە شیکردنەوە و گوزارشتی کەرەستەکانی ترەوە لە هەمان دەقدا، ئەمەش بە بەشێک لە سیستەمی زمان دادەنێن، لە ناوەوەی هەر ڕستەیەکدا پێکهاتەی سینتاکسیی توانای پێکەوەبەستنی وشەکانی هەیە و بە شێوەیەکی لۆجیکی و واتایی پەیوەستیان دەکات، بەڵام لە ئاستی سەرووتری ڕستەدا، کەرەستەکانی دەقبەستی بەم کارە هەڵدەستن و ئەم پەیوەندییە بنیاتدەنێن، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە کەرەستەکانی دەقبەستی دابەشدەکەن بۆ دوو جۆر: دەقبەستی فەرهەنگی و دەقبەستی ڕێزمانی، دەقبەستی ڕێزمانیش لە چوار جۆر پێکدێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باس لەم تەوەرانە کراوە: چەمک و پێناسەی دەقبەستی، تیۆری هالیدای و حەسەن بۆ دەقبەستی، کەرەستەکانی دەقبەستی، دەقبەستی ڕێزمانی، ئاماژە و جۆرەکانی.

هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەشە باس لەم تەوەرانە دەکات: لەبریدانان، جۆرەکانی لەبریدانان (ناوی، کاریی، ڕستیلەیی)، کرتاندن، جۆرەکانی کرتاندن (ناوی، کاریی، ڕستیلەیی)، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەگەڵ لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

## ١/ دەقبەستی و کەرەستەکانی

### ١/١/ چەمک و پێناسەی دەقبەستی

لەنێوان ڕستەکانی هەر دەقێکدا پەیوەندییەك باڵادەستە، کە کۆمەڵێك ڕستەی یەکگرتوو لە کۆمەڵێك ڕستەی بەرێکەوت لەگەڵ یەکداهاتوو جیادەکاتەوە، هەبوونی ئەم پەیوەندییانە کە بەشێکە لە سیستەمی زمانیی، دەقێتیی دەبەخشێتە ڕستەکان، واتە دەقبەستی پەرەدەداتە ئەو پەیوەندییانەی، کە لەنێوان ڕستەکاندا هەیە، لە تێڕوانینی زمانەوانیی سیستەمی ئەرکیدا، دەقبەستی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان ڕستەیەك و ڕستەیەکی تری هەمان دەق، کە هەریەکەیان لەلایەنی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە سەربەخۆن، ڕوون دەکاتەوە. (ایشانی، 1389: 37)، کەواتە ((دەقبەستی ئاماژەیە بە کۆمەڵێك نیشانەی ئاشکرای زمانیی، کە لە نێوان بەشەکانی ڕستەی دەقێکدا پەیوەستیی دێنێتە ئاراوە)) (قیصی پور، 1391: 29). بە واتایەکی تر ((دەقبەستیی تایبەتمەندییەکە سەرەڕای ئەوەی سیفەتی دەقێتی دەبەخشێت، بەردەوامیی و درێژەپێدانی دەقیشی لێدەکەوێتەوە، بە شێوەیەك یارمەتیی خوێنەر دەدات، بە دوای ڕەگەزە نادیارەکان (زانیارییە ناتەواوەکان) کە لە ناو دەقدا دەرنەکەوتوون، بەڵام بۆ درککردن و شیکاری دەق پێویستن، بگەڕێت)) (نظری، 1389: 65).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە دەتوانین بڵێین دەقبەستیی هاریکارە بۆ ئەوەی خوێنەر یان بیسەر بەشە نائاشکراکان، کە پێویستن بۆ گوزارشت لە دەق بدۆزێتەوە، بەم شێوەیە ڕستە پێکەوەبەستراوەکان، پاشان یەکە گەورەترەکان وەکو: پەرەگراف، پارچە یان بەش (فصل) لە تێڕوانینی خوێنەر یان بیسەرەوە دەبێتە گشتێکی یەکپارچە، هەربۆیە هاڵیدای و حەسەن بەمشێوەیە پێناسەی دەقبەستی دەکەن: ((چەمکێکی واتاییە کە ئاماژە بە پەیوەندییە واتاییەکانی ناو دەق دەکات و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی دەق لە نادەق))( Halliday & Hasan, 1976: 4)، (محمد خطابی)ش لەبارەی ئەم چەمکەوە هەمان تێڕوانینی هاڵیدای و حەسەنی هەیە، لەم هێڵکارییەدا دەیخاتەڕوو:

هێڵکاری ژمارە (١) دەق و نادەق (خطابی، 1991: 12)




بەم پێیە بەدوای یەکداهاتنی زنجیرەیەك ڕستە مەرج نییە ببێتە هۆی پێکهێنانی دەق، بەڵکو ئەوەی وا دەکات ببێتە هۆی دەقێکی تەواو، پەیوەندی لۆجیکی و واتایی نێوان ڕستەکانە.

### ١-٢ تیۆری هالیدای و حەسەن بۆ دەقبەستی

تیۆری هاڵیدای و حەسەن یەکەمینجار لە شیکردنەوەی کەرەستەکانی دەقبەستیی لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهات، ئەم تیۆرە لەساڵی 1976 لەلایەن هەردوو زمانەوان (مایکل ئەلێکساندەر هاڵیدای) بەریتانی و (ڕوقیە حەسەن)ی هندییەوە دانراوە، لە کتێبێکی هەشت بەشیدا بە ناوی دەقبەستی لەزمانی ئینگلیزیدا (Cohesion in English) کە تیایدا لە بنیاتی دەق و پەیوەندی نێوان ڕستەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام دواتر لەساڵی 1984 ڕوقیە حەسەن لەتوێژینەوەیەکدا بەناوی بەندکردنی واتایی و هاوئاهەنگیی دەقبەستی (Coherence and cohesive Harmony) تیۆرەکەی خۆی و هاڵیدای گەشەپێدا و فراوانتری کرد، یەك ساڵ دواتر واتە لەساڵی 1985 دووبارە ئەم دوو زمانەوانە پێکەوە بەرهەمی هاوبەشی خۆیان بەناوی زمان، دەوروبەر و دەق ... ,Language)

Context and text: aspects of language in social-semiotic perspective) بڵاوکردەوە، لەڕاستیدا ئەم کتێبە تەواوکەری بەرهەمە هاوبەشەکەی پێشووتریان بوو کە نۆ ساڵ پێشتر بڵاویان کردبووەوە.

به ڕای ڕوقیە حەسەن دەقبەستی بۆ بەدەستهێنانی پەیوەستبوون و یەکگرتوویی دەق، هۆکارێکی پێویست و گرنگە، بەڵام بەتەنیا تەواو (کافی) نییە (Hasan, 1984: 210). هەر بۆیە بەتەنیا دۆزینەوەی کەرەستەکانی دەقبەستی لە سنوری دەقدا نابێتە هۆی ڕوونکردنەوەی تەواوی دەقبەستیی ئەو دەقە، بەڵکو دوای دۆزینەوەی ئەم فاکتەرە، دەبێت پەیوەندی بەرانبەری ئەم کەرەستانە لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای ڕێزمانی ئەرکی (functional grammer) پیشان بدرێت، هەر دەقێك ئەگەر دەق بێت، دەبێت تایبەتمەندی بنچینەیی دەقبەستیی هەبێت، لە ڕاستیدا کەرەستەی بنەڕەتی بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی دەق لە نادەق – بەتایبەت دەقی نوسراو- بریتییە لە دەقبەستی و هاوئاهەنگی دەقبەستی (cohesive harmony). ئەوان هەبوونی پەیوندی دەقبەستی گرێ دەدەن بە شیکردنەوە و گوزارشتی کۆمەڵێك کەرەستەوە لە دەقدا کە بەستراون بە شیکردنەوە و گوزارشتی کەرەستەکانی ترەوە لە هەمان دەقدا، ئەمەش بە بەشێك لە سیستەمی زمان دەزانن، لەم ڕووەوە ((سیستەمی زمان سیستەمێکی دڵخواز و ڕێککەوتوو نیە، بەڵکو سروشتی و بەرهەمهێنراوی کۆمەڵگەیە و گونجاوە لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگە و مرۆڤدا، بە جۆرێك کە دەتوانرێت هەر ڕەگەزێك لە زمان بە گەڕانەوە و ئاماژە بە ئەرکەکەی لە سیستەمی گشتی زماندا، ئاشکرا بکرێت)) (وکیلی، امرایی، 1396: ٥).

### ٣-١ کەرەستەکانی دەقبەستی

لەسەر بنەمای تیۆری هالیدای و حەسەن ئەو کەرەستانەی کە لە پێکهاتەی دەقدا هەن، یەکگرتوویی پەیوەستبوونێکی ناوەکییان هەیە و ئاماژە بەوە دەکەن کە هەموویان پەیوەندییان بەئەو دەقەوە هەیە بەم پێیە دەقبەستی پەیوەندییەکی واتاییە لە ڕێگای کۆمەڵێک کەرەستەوە کە فەرهەنگیی یان ڕێزمانیین، دەناسرێن ئەم کەرەستانەش کۆمەڵە فاکتەرێکی واتایی و ناپێکهاتەیین (non-structural) کە دەقێتی بە دەق دەبەخشن ( Halliday & Hasan, 1976: 4 )..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دوو زمانەوانە لە یەکەمین بەرهەمیاندا لەساڵی ١٩٧٦ کەرەستەکانی دەقبەستی لە زمانی ئینگلیزی دابەشدەکەن بۆ دوو دەستە:

**أ. دەقبەستی ڕێزمانیی**: ئەمەش لە چوار بەش پێکدێت: ئاماژە (Reference)، لەبریدانان (Substitution)، کرتاندن (Ellipsis)، ئامرازەکانی بەستن (Conjunctives).

**ب. دەقبەستیی فەرهەنگی**: دووبارەبوونەوە (Reiteration) و پێکەوەهاتن (Collocation) دەگرێتەوە. بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ بەهاوبەشی پێکەوە گۆڕانکارییان لەم دابەشکارییەی کەرەستەکانی دەقبەستییدا ئەنجامدا، کە لەم خشتەدا ڕوونی دەکەینەوە:-

خشتەی ژمارە (٢) کەرەستەکانی دەقبەستی لای هاڵیدای و حەسەن

(Halliday & Hasan, 1985: 82)

| | کەرەستە (devise) | جۆری گرێ (typical tie relation) | |
|---|---|---|---|
| کەرەستەکانی دەقبەستیی ڕێزمانیی | أ. ئاماژە (reference) | | ١. پەیوەندی (conjunctives) |
| | ١. جێناوی (pronominal) | | |
| | ٢. نیشانە (demonstrative) | هاوئاماژە (co-reference) | |
| | ٣. نیشانەی ناساندن (definite article) | | ٢. هاوسێیەتی جووتەکان (adjacency pairs) |
| | ٤. بەراوردی (comparative) | | وەکو: وەڵامێک کە لەدوای پرسیار دێت، ڕازی بوون کە لەدوای پێشنیاز دێت... |
| | ب. لەبریدانان و کرتاندن | (substitution & ellipsis) | |
| | ١. ناوی (nominal) | | |
| | ٢. کاری (verbal) | هاوپۆل (co-classification) | |
| | ٣. ڕستیلەیی (clausal) | | |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کەرەستەکانی دەقبەستیی فەرهەنگی | أ. گشتی (general)<br>١. دووبارەبوونەوە (repetition)<br>٢. هاوواتایی (synonymy)<br>٣. دژیەک (antonymy)<br>٤. گرتنەوە (hyponymy)<br>٥. بەش لەگشت (meronymy)<br>ب. یەکسەری (instantial)<br>١. هاوتاکردن (equivalence)<br>٢. ناولێنان (naming)<br>٣. لێکچوون (semblance) | هاوپۆل (co-classification)<br>یان<br>هاوکشان (co-extention)<br><br>هاوئاماژە (co-reference)<br>یان<br>هاوپۆل (co-classification) | بەردەوامی (continuative) وەکو: هێشتا، پێش ئەمە... |

### ٤-١ دەقبەستیی ڕێزمانی Grammatical cohesion

یەکێکە لە جۆرەکانی پەیوەندیی دەقبەستی، کە ئاماژە دەکات بە پێکهاتەی ڕووکەشی دەق، ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای کۆمەڵێک کەرەستە و ڕەگەزی زمانییەوە بەدەست دێت، کە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بنیاتنانی پرۆسەی دەقبەستی لە سنووری دەقدا، هاڵیدای و حەسەن بەپێی ئەرک و واتای کەرەستە ڕێزمانییەکان، دەقبەستی ڕێزمانی بۆ چوار جۆر دابەشدەکەن، کە بریتین لە (ئاماژە، لەبریدانان، کرتاندن، بەستن) هەریەک لەم چوار جۆرەش سەرەڕای هاوبەشییان لە کۆمەڵێک ئەرکدا، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندیی دیاریکراوی خۆیان هەیە و بەشێوازێکی تایبەت ئەرکی دەقبەستی بەجێدەهێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١-٤-١ ئاماژە Reference

یەکێکە لەو هەڵبژاردانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ بنیاتنان و پێکەوە لکانی رووکەشی نێوان رستەکان، لەناووەوەی هەر رستەیەکدا، پێکهاتەی سینتاکسیی توانای پێکەوەبەستنی وشەکانی هەیە و بەشێوەیەکی واتادار پێکەوە پەیوەستیان دەکات، بەڵام لە ئاستی سەرووتر لە رستەدا کەرەستەکانی دەقبەستیی بەم کارە هەڵدەستن و ئەم پەیوەندییە دروستدەکەن، ئاماژە یەکێکە لەو جۆرە پەیوەندییانە، کە بریتیە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ ئاماژەکردن بە کەرەستەیەك لە جیهانی راستەقینە یان لە دەقێکدا، ئەم دیاردەیە لە تێڕوانینی یەکەمیدا بۆ رێگری کردن لە دووبارەبوونەوە بەکاردەهێنرێت ((لە پرۆسەی ئاماژەدا درککردن و راڤەکردنی واتای وشەیەك، بە گەڕانەوە بۆ کەرەستەیەکی تر بەدەستدێت، واتە وشەیەك زەمینەی تێگەیشتن بۆ وشەیەکی تر فەراهەم دەکات)) (ستاری، حقیقی، 1395: 104). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێکدانەوەی کەرەستەیەك پەیوەستە بەرەگەزێکی ترەوە چ لە ناوەوە یان دەرەوەی دەقدا بێت. (براون و یوڵ) دەڵێن وەرگری دەق لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەقدا وێنای هزریی (تصور ذهنی) بۆ ئاماژە لە مێشکیدا دروست دەبێت و هەرجارێك کە رووبەڕووی بوارێکی ئاماژە ببێتەوە، بۆ گەیشتن بە ئاماژەبۆکراو (سەرچاوەکە) دەگەڕێتەوە بۆ وێنا هزرییەکەی، بەم هۆیەوە ناتوانرێت بە ئاسانیی سنووری بنەبڕی نێوان دەرەئاماژە و دەقەئاماژە بەتەواوی دیاری بکرێت، چونکە لە هەردوو بارەکەدا وەرگر دەگەڕێتەوە بۆ وێنای هزری خۆی تەنها جیاوازییان ئەوەیە، کە وێنای هزری دەرەئاماژە لە جیهانی دەرەوەدایە و هی دەقەئاماژەش لە جیهانی دروستکراوی ناو دەقدایە .(Brown & yule,1983: 191-192) کەواتە جۆرەکانی ئاماژە بەپێی شوێن و دەوروبەر، دابەش دەبێت بۆ دووجۆر: دەرەئاماژە، دەقەئاماژە.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێڵکاری ژمارە (٣) ئاماژە بەپێی شوێن و دەوروبەر (Halliday & Hasan, 1976: 33).

**١-٤-١-١ دەرەئاماژە (Exophoric reference)**

هەندێجار زانیاریی پێویست بۆ شیکار و لێکدانەوەی کەرەستەی ئاماژە لەدەقدا نیە و بۆ دۆزینەوەی ئەو زانیارییە دەبێت بۆ ئەو دەوروبەرە بگەڕێینەوە، کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، واتە لەمجۆرەدا پێویستمان بەدەوروبەری دەقە بۆ بەدەستهێنانەوەی زانیاری. هەرچەندە ئەمجۆرە ئاماژەیە پەیوەندیی بەدەقبەستییەوە نیە، بەڵام بۆ درککردنی واتای دەق گرنگە، چونکە وەرگر ناچار دەکات بەدوای ئاماژەبۆکراوەکەدا بگەڕێت لەدەرەوەی دەقدا، واتە ((خوێنەر ئاراستە دەکرێت بەرەو دەرەوەی دەق، بەرەو جیهانێکی گریمانەیی (assumed world)، کە هاوبەشە لەنێوان خوێنەر و وەرگردا تاوەکو بتوانێت واتای ڕەگەزەکان بەدەستبهێنرێت)) (Maghawry, 2014: 19). کەواتە ڕەگەزەکانی دەرەئاماژە وابەستەن بەدەوروبەرەوەو بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەر شیکردنەوەو تێگەیشتن لێیان ئەستەمە.

**١-٤-١-٢ دەقەئاماژە Endophoric reference**

لەدەقەئاماژەدا ئاماژەبۆکراو ڕەگەزێکە لە ناو دەقدایەو لەسەر بنەمای شوێنی ئاماژەبۆکراوەکە دەقەئاماژە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر: چاولەپێش Anaphora و چاولەدوا Cataphora :

- دایکوباوکم ماندووی دەستی ڕۆژگارن،ئەوان هەمیشە خۆیان دەکەن بەقوربانیی بۆ ئێمە.

لەو نمونەیەدا (ئەوان) ئاماژە بە کەرەستەیەک دەکات،کە لە ڕستەی پێشوودا هاتووە، کە (دایکو باوکم)ە، واتە خوێنەر بۆ دیارییکردنی ئاماژەبۆکراو، ناچارە سەیری ڕستەی پێشەوە بکات، بەڵام لەم نموونەی خوارەوەدا ئاماژە بە شێوەی چاولەدوایە:

- گرنگترین شت ئەوەیە کە، مرۆڤ دوای کەوتن هەستێتەوە.

لەو نمونەیەدا کە دەڵێین (گرنگترین شت ئەوەیە)، ڕاستەوخۆ خوێنەر یان وەرگر چاوەڕێی ڕستەی دواتر دەکات، واتە ڕەگەزی گریمانەکراو ئاماژە بە یەکەیەکی دواتر دەکات و لەم بارودۆخەشدا گریمانەکە پێی دەوترێت چاولەدوا. هەروەها بەپێی ڕۆڵ و ئەرکیان لەڕستەدا، هاڵیدای

و حەسەن سێ جۆر ئاماژەیان دیارییکردووە: ئاماژەی کەسیی، ئاماژەی نیشانەیی، ئاماژەی بەراوردیی:

**أ/ ئاماژەی کەسیی Pronominal reference**

کەتیگۆری ئاماژەی کەسیی دابەشدەبێت بۆ سێ دەستە: جێناوی کەسیی کە (جێناوی بکەریی و جێناوی تەواوکەریی) دەگرێتەوە، جێناوی خاوەندارێتی، هاوەڵناوی خاوەندارێتی، لە ڕێزمانی چاولێکەریدا ناوێکی گشتی بۆ ئەم کەتیگۆرییە نییە، چونکە کەرەستەکانی ئەم کۆمەڵەیە، لە پۆلی جیاواز و ب ەئەرکی پێکهاتەیی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا پیشاندەری سیستەمێکن، کە کەسە. واتە تەواوی ئەو کەرەستە ناوبراوانە پەیوەندییان لەگەڵ دەربڕاوی کەس (person) هەیە و لەم ڕووەوە هەموویان دەبنە ئاماژەی کەسی.

- ئەوە تێبینییەک بوو لە سۆزانەوە، ئەو تەنها نووسیبووی:((من لە کۆتایی هەفتەدا ناگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)).

لەو نمونەیەدا جێناوی (ئەو) لەگەڵ جێناوی (من) هەردووکیان ئاماژە بە (سۆزان) دەکەن، ئەڵبەتە جێناوی (من) بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ ئاماژەبۆکراو کردووە، لێرەدا (من) ئاماژە بۆ قسەکەردەکات، بەڵام بۆ ناسینی قسەکەر دەبێت بۆ دەقەکە بگەڕێینەوە، بەم پێیە (من، ئەو) هەردووکیان بوونەتە دەقەئاماژە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین (جێناوی کەسی یەکەم و دووەم زیاتر لە زمانی نووسیندا و لە کاتی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا دەبنە دەقەئاماژە) (جلیلە، ١٣٩٦: ٦١). جێناوی کەسی سێیەمیش بەگشتی ئاماژەبۆکراوەکەی لە دەقدایە، واتە ئەگەر ئاماژەبۆکراو لە دەقدا نەبێت، تووشی کێشەی درککردن و تێگەیشتن دەبینەوە، بەڵام لە هەندێ باری تایبەتدا دەتوانرێت بەشێوەی دەرەئاماژە، ئاماژەبۆکراوەکەی دیاری بکرێت، وەکو:

- ئەو لێرەبوو؟ - بەڵێ، کەمێک پێش ئێستا ڕۆشت.

لەم نموونەیەدا جۆری وەڵامەکە ئەوە دەردەخات، کە ناسنامەی (ئەو) بۆ قسەکەر و گوێگریش بەتەواویی ئاشنایە و لە دەرەوەی دەقدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب/ ئاماژەی نیشانەیی Demonstrative reference**

ئەم جۆرە ئاماژەیە لەبنەڕەتدا جۆرێکە لە نیشانەی زارەکی (verbal pointing) قسەکەر تیایدا شوێنی ئاماژەبۆکراو لەسەر بنەمای پێوانەی نزیکیی و دووریی (proximity) دیارییدەکات، ئاماژەی نیشانەیی لە زمانی کوردیدا پۆلێن دەکرێت بۆ هەریەک لە وشەی نیشانە: (جێناوی نیشانە، هاوەڵناوی نیشانە)، ئاماژەی کات و شوێن، نیشانەی ناساندن.

- کتێبەکانم دەپارێزم، ئەوانە سەرچاوەی زانیاری منن.

لەم نموونەیەدا جێناوی نیشانەی (ئەوانە) بەستراوە بە کەرەستەی پێش خۆیەوە، کە (کتێبەکان)ە، واتە جێناوە نیشانەکە ئاماژە دەکات بۆ فرێزی ناوی کتێبەکان بەشێوەی چاولەپێش.

- لە گەرمیان لەدایک بووم و لەوێش نیشتەجێم.

لەو نموونەیەشدا هاوەڵکاری شوێنی (لەوێ) ئاماژە بۆ (گەرمیان) دەکات بەشێوەی چاولەپێش.

**پ/ ئاماژەی بەراوردیی Comparative reference**

ئاماژەی بەراوردیی لەسەر بنەمای لێکچوون یان جیاوازیی لە نێوان کەرەستەکاندا، بە بەراوردی دوو یان چەند کەرەستە دروستدەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی دەقبەستیی لە نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی دەقدا، ئاماژەی بەراوردی دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر: (بەراوردی گشتی ، بەراوردی تایبەتی).

بەراوردی گشتی لەسەر بنەمای سێ پێوانە کە (یەکسانیی، لێکچوون، جیاوازیی)ن دیارییدەکرێن و هەڵدەسەنگێنرێن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین بەراورد تایبەتمەندیی ئاماژەیی تێدایە، چونکە ناتوانرێت هەر شتێك بەتەنها خودی خۆی بەراورد بکرێت، بەڵکو پێویستە بەراورد بە شتێکی تر بکرێت، واتە لە پێوانەی شتێك بە شتێکی تردا چەمکی بەراورد واتای خۆی دەدۆزێتەوە، بۆیە پەیوەندی بەراورد هاوشێوەی ئاماژەی کەسیی و ئاماژەی نیشانەیی جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاماژە، کەواتە هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی ئەوان هەیانە ئەمیش هەیەتی (Halliday & Hasan, 1976: 76)، واتە ئاماژەبۆکراو دەکرێت دەقە ئاماژە یان دەرەئاماژە بێت، دەشکرێت بەشێوەی چاولەپێش یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاولەدوا بێت، هەروەها دەکرێت پێکهاتەیی بێت و لە سنوری ڕستەیەکدا بێت، یان دەکرێت ناپێکهاتەیی بێت و لە سەرووی ڕستەوە بێت، واتە لە چوارچێوەی دەقدا بێت.

- ئەمە هەمان پشیلەیە کە دوێنێ بینیم.

لەم نمونەیەدا ئەو پشیلەیەی کە ئەمڕۆ بینیومە لەگەڵ ئەو پشیلەیەی کە دوێنێ بینیومە دوو دانەی جیاواز نین، بەڵکو لەڕاستیدا دوو پشیلە بوونی نیە تەنها یەك دانەیە، کەواتە ئەم نموونەیە دەبێتە ئاماژەی بەراوردی گشتی بەپێوانەی یەکسانی، بەڵام لە نموونەی:

- ئەمە هاوشێوەی ئەو پشیلەیەیە کە دوێنێ بینیم.

دوو شت بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەی یەکن، نەک لەسەر بنەمای سیفەتێکی دیاریکراو، کەواتە دەبێتە ئاماژەی بەراوردی گشتی بە پێوانەی لێکچوون، هەروەها لە نموونەی:

- ئەو پشیلەیە جیاوازە لەو پشیلەیەی، کە دوێنێ بینیم.

لێرەدا دوو شت بەراورد دەکرێن، کە یەکسان نین و بەتەواوی لە یەکتر جیاوازن. لە ئاماژەی بەراوردی تایبەتیشدا کەرەستەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بەراورد دەکرێن، ئەم بەراورد و هەڵسەنگاندنە دەکرێت چەندێتی یان چۆنێتی بێت، واتە ئەگەر پێوانەی کەرەستەکان پەیوەندی بە (بڕ)ەوە هەبێت ئەوە ئاماژەکە دەبێتە (ئاماژەی بەراوردی تایبەتی چەندێتی) وەکو: کەمتر، زیاتر، زۆرتر...هتد. لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ئاماژەیە زیاتر لە ڕێگەی هاوەڵکارەکانی چەندێتییەوە دەردەکەون. وەکو:

- بۆئەوەی خەونەکانت ببن بەڕاستی، زیاتر هەوڵبدە.

بەڵام ئەگەر پێوانەکە پەیوەندی بەچۆنێتی ئەو دوو ڕەگەزەوە هەبێت، ئەوە دەبێتە (ئاماژەی بەراوردی تایبەتی چۆنێتی) (Halliday & Hasan, 1976: 81). وەکو:

- ئێمە بەدوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی تایبەت ئەم ئەرکە دەبینێت، ئەویش مۆرفیمی (تر)ە، واتە بەراوردی تایبەتی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لە ڕێگای مۆرفیمێکی دیاریکراوەوە دروست دەکرێت، کە بە مۆرفیمی بەراوردکردن (تر) ناودەبرێت (توفیق، 2002: 94). دەتوانین بڵێین لە بەراوردی تایبەتیدا شتەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بەراورد دەکرێن، بە پێچەوانەی بەراوردی گشتی کە شتەکان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەن، واتە لە بەراوردی تایبەتدا سیفەتێکی تایبەت دەبێتە بەراورد لە نێوان دوو کەس یان دوو شتدا. وەکو:

- سایە لە ساریا زیرەکترە.

لەم نمونەیەدا سایە و ساریا لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی زیرەکیی لەگەڵ یەکتر بەراورد کراون.

## ٢- لەبریدانان و کرتاندن لە زمانی کوردیدا

### ٢-١- لەبریدانان Substitution

لەبریدانان لەجێدانانی کەرەستەیەکی زمانییە، لەجێی کەرەستەیەکی تر لەچوارچێوەی دەقدا، هاڵیدای و حەسەن بۆ ئەوەی چەمکی لەبریدانان ڕوونبکەنەوە، لەگەڵ کرتاندن (حذف) بەراوردی دەکەن، لە تێڕوانینی ئەوانەوە کرتاندن و لەبریدانان لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی یەکسانن، کە لە چوارچێوەی دەقدا دەردەکەون، (چونکە کرتاندن لەبریدانانە بەمۆرفیمی سفر) (Halliday & Hasan, 1976: 142)، لەبریدانان پەیوەندییەکە لەنێوان کەرەستەکانی زماندا دادەمەزرێت و لە ئەنجامدا بەپرۆسەیەکی ناودەق، واتە دەقە ئاماژەیی هەژماردەکرێت، ((پرۆسەیەك کە تیایدا لەجیاتی دووبارەکردنەوەی کەرەستەیەکی زمانیی، کەرەستەیەکی تر لەبری دادەنرێت)) (جمالی، 1385: 33).

- کراسەکەم کۆنبووە، یەکێکی تر دەکڕم .

لەم نمونەیەدا (یەکێکی تر) ڕەگەزی بریتیخراوە، کە لەبری کەرەستەی بنجی (کراسەکە) بەکارهاتووە. لە لەبریداناندا بۆ تێگەیشتن لە واتای کەرەستەی بریتیخراو، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بەشەکانی تری دەقەکە، لەڕاستیدا کەرەستە بریتیخراوەکان پەیوەندیی لەنێوان بەشە جیاوازەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقدا دروستدەکەن و دەبنە هۆی دەقبەستی. هاڵیدای و حەسەن لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانیاندا بەراوردی نێوان لەبریدانان و ئاماژە دەکەن و لەوباوەڕەدان کە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، لەبریدانان پەیوەندی نێوان وشەکانە نەك واتا، هەروەها دەڵێن پۆلێنکردنی کەرەستەکانی دەقبەستی و دانانی سنورێکی تەواوەتی لەنێوان ئەو کەرەستانەدا کارێکی دژوارە، بەواتایەکی تر کۆمەڵێك بوارو بابەتی دەقبەستی هەن، کە لە سنوری نێوان لەبریدانان و ئاماژەدا، دەتوانرێت هەم بەئاماژە و هەم بە لەبریدانان هەژماربکرێت، ئەم حاڵەتەش کاتێك دەردەکەوێت کە کارەکەمان لە چوارچێوەی کەرەستە واتاییەکاندا بێت و لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی کەرەستە ڕێزمانییەکاندا بێت چونکە زۆرجار لە ڕووی پێوانە واتاییەکانەوە بەجۆرێك شیکار دەکرێن وە لە ڕووی پێوانە ڕێزمانییەکانەوە بە جۆرێکی تر شیکار دەکرێن (جلیله، 1396: 69).

کەواتە دەتوانین بڵێین لەبریدانان پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمانە لەڕووی ڕێزمانییەوە، بەڵام ئاماژە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانە لەڕووی واتاییەوە. لەنێوان ئاماژە و لەبریداناندا لێکچوون و جیاوازی هەیە، ئەم دووانە لەلایەنی ئەوەی ((هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ کەرەستەیەکی بنجی، لێکدەچن، بەڵام لەبریدانان پەیوەندییەکی زمانییە لە کاتێکدا ئاماژە پەیوەندییەکی نازمانییە)) (سرفرازی، 1398: 116). جیاوازییەکی تر ئەوەیە لە لەبریداناندا کەرەستەی بریتیخراو (ئەو کەرەستەیەی کە لەبری کەرەستەیەکی تر دێت) لەگەڵ کەرەستەی بنجی (وشە بنجییەکە کە لە پێشووتردا هاتووە) سەربەیەك پۆلی ئاخاوتنن، بەڵام لە ئاماژەدا مەرج نییە ئاماژە و ئاماژەبۆکراو لە هەمان پۆلی ئاخاوتنبن (ڕەسوڵ، 2013: 76).

**٢-٢ جۆرەکانی لەبریدانان**

لەبەرئەوەی لەبریدانان پەیوەندییەکی رێزمانییە، بۆیە دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی لەسەر بنەمای ڕێزمانیی ڕووندەکرێتەوە و پێوانەی بنەڕەتی لەم دابەشکارییەدا ئەرکە ڕێزمانییەکانە، کەرەستەی بریتیخراو دەکرێت جێگای ناو یان کار یان ڕستیلە(Clause) بگرێتەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە جۆرەکانی لەبریدانان سێ جۆرن: لەبریدانانی ناویی، لەبریدانانی کاریی، لەبریدانانی ڕستیلەیی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٢-٢ لەبریدانانی ناویی Nominal substitution**

لەم جۆرەدا ناوێك یان فرێزێکی ناویی لەبری ناوێك یان فرێزێکی ناوی تر دادەنرێت، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی (one, ones) دەبنە لەبریدانانی ناوی (Halliday & Hasan, 1976: 90-91) کە ئەمەش بەرانبەرە بە هەریەك لە وشەکانی (یەکێکی تر/دانەیەکی تر) لە زمانی کوردیدا. وشەکانی (دانە، یەکێك) هەمیشە بەشێوەی سەرەی فرێزی ناویی کاردەکات و تەنها لەبری سەرەی(head) فرێزە بنجییەکە دادەنرێت، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە مەرج نیە هەردوو فرێزە ناوییەکە هەمان ئەرك ببینن، بەڵکو هەریەکەیان دەتوانن ئەرکێك لە ئەرکە جیاوازەکانی فرێزی ناویی ببینن.

- خانووە کۆنەکەمان ڕووخێنرا، دانەیەکی نوێمان کڕی.

سەرە تەواوکەر سەرە تەواوکەر

لەو نمونەیەدا (خانوو ) سەرەی فرێزی ناویی (خانووەکۆنەکەمان)ە، بۆیە لەڕستەی دووەمدا (دانە) لەبری (خانوو) بەکارهاتووە، بووەتە سەرە بۆ فرێزی ناوی دانەیەکی نوێ، چونکە (دانە) هەمیشە شوێنی سەرە پڕدەکاتەوە نەك تەواوکەر، وەکو دەرکەوتووە هەردوو فرێزە ناوییەکە لەڕووی ئەرکەوە جیاوازن لەیەک، لە ڕستەی یەکەمدا بووەتە جێگری بکەر، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا ئەرکی بەرکار دەبینێت. هەروەها لە لەبریدانانددا دەگونجێت کەرەستەی بنجی و کەرەستە بریتیخراوەکە لەڕووی ژمارەوە لە یەکتر جیاوازبن، واتە دەگونجێت یەکێکیان تاك و یەکێکیان کۆ بێت (بدری، 1395: 63).

- گوڵەباخەکانم هەڵکەند و یەکێکی ترم چاند.

کەرەستەی بنجی (کۆ) کەرەستەی بریتیخراو (تاک).

**٢-٢-٢ لەبریدنانی کاریی Verbal substitution**

یەکێکە لە جۆرەکانی لەبریدانان، کە تیایدا کەرەستەی بریتیخراو لەبری سەرەی فرێزی کاریی بەکاردێت و دەبێتە هۆی دەقبەستی ڕێزمانیی لە چوارچێوەی دەقدا، لە زمانی ئینگلیزیدا کاری (do)ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنێت و لەبری سەرەی فرێزی کاریی بەکاردەهێنرێت، ئەمجۆرە ((زیاتر لە

زمانی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت نەك زمانی نوسین)) (سرفرازی، 1398: 119). لە زمانی کوردیدا وشەکانی (هەروەها، بەهەمان شێوە) ئەم ئەرکە دەبینێت و دەبێتە بریتیخراو بۆ فرێزی کاریی و بەگشتی بەشێوەی چاولەپێش دەبێت. لەبریدانانی ناویی و کاریی لەلایەنی توانای جێگرتنەوەی کەرەستەکانەوە لە یەکتر جیاوازن، چونکە لە لەبریدانانی ناوییدا بریتیخراو تەنها شوێنی سەرەی فرێزی ناویی دەگرێتەوە، بەڵام لەبریدانانی کارییدا بریتیخراو دەتوانێت شوێنی کار و هەموو ئەو کەرەستانەی کە سەر بە فرێزی کاریین بگرێتەوە ((لە لەبریدانانی کاریدا، سەرەڕای سەرەی فرێزە کارییەکە کەرەستەکانی تریش لە فرێزە کارییەکەدا دەکەونە بەر پرۆسەی لەبریدانان، واتە کەرەستەی بریتیخراو جێگای سەرە و کەرەستەکانی تری ناو فرێزی کاریی دەگرێتەوە)) (جمالی، 1385: 36-37).

- براکەم گشت وانەکانی خوێند، منیش بە هەمان شێوە.

فرێزی کاری بریتیخراو

- خۆشحاڵم بە ناسینت. – منیش هەروەها.

فرێزی کاریی بریتیخراو

لەو نمونانەدا (بەهەمان شێوە، هەروەها) لەبری تەواوی فرێزە کارییەکان بەهاتوون. ئەوەی لە نموونە و باسەکاندا ڕوونبووەوە ئەوەیە، کە لەبریدانان ڕێگایەکە بۆ پیشاندانی زانیاریی کۆن، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ، واتە لەبری ئەوەی زانیارییە کۆنەکە دووبارە بکەینەوە، ئەوە بەڕێگای لەبریدانان و لەڕێگای چەند دەربڕاوێکی ترەوە زانیاری کۆن بەشێوەی نوێ دووبارە دەکەینەوە، ئەم پەیوەندییە لەنێوان دوو ڕستە یان زیاتردا درووستدەبێت، کە هیچ پەیوەندییەکی پێکهاتەیی (ڕێزمانی) لەنێوان ئەو ڕستانەدا نەبێت و بەسود وەرگرتن لە لەبریدانان ئەو پەیوەندییە دروستدەبێت و دەبێتە هۆی دەقبەستیی لە چوارچێوەی دەقەکەدا.

**٣-٢-٢ لەبریدانانی ڕستیلەیی Clausal substitution**

سێیەمین جۆری لەبریدانانە کە تیایدا کەرەستەی بریتیخراو لەبری تەواوی ڕستیلەیەك بەکاردێت، لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (so) ئەم کارە ڕادەپەڕێنێت، لە بەرانبەردا لە زمانی کوردیدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەکانی (بەوشێوە، وەها، وا، بەوجۆرە ...) دەبنە کەرەستەی بریتیخراو بۆ لەبریدانانی ڕستیلەیی، لەنێوان لەبریدانانی کاریی و ڕستیلەییدا لێکچوونێکی زۆر هەیە و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نیە، چونکە لە لەبریدانانی کارییدا بریتیخراو هەم دەتوانێت لەبری سەرەی فرێزی کاریی و هەم لەبری فرێزی کاریی و ئەو کەرەستانەشی کە سەر بەفرێزە کارییەکەن بەکاربهێنرێت، لەم حاڵەتەدا لەبرییدانانی کاریی و ڕستیلەیی زۆر لێکدەچن، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە لە لەبریدانانی کاریدا کەرەستەی بریتیخراو ناتوانێت جێگەی بکەر بگرێتەوە.

- کرێکارەکان زۆر بەسەختیی کاردەکەن، ئەوان پێویستە وا کاربکەن.

فرێزی کاریی                    لەبریدانانی کاریی

لەو نمونەیەدا (وا) لەبری (زۆر بەسەختیی) دانراوە، کە بەشێکە لە فرێزە کارییەکە، بەڵام بکەرەکە لانەبراوەو ماوەتەوە کە (ئەوان)ە. بەڵام لەم نمونەیەی خوارەوەدا:-

- ئایا سبەی بەفر دەبارێت؟ - وا دەڵێن.

(وا) لەبری تەواوی ڕستیلەی (سبەی بەفر دەبارێت) بەکارهاتووە، چونکە ئەگەر بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، لەبریدانان بەکارنەهێنین، ئەوە دەبێت بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە: دەڵێن سبەی بەفر دەبارێت.

- کچەکەم زۆر دڵتەنگە، ئەم بابەتە منی سەرقاڵ کردووە .

(ئەم بابەتە) لەبری ڕستیلەی (کچەکەم زۆر دڵتەنگە) دانراوە، کەواتە لەبریدانانەکە لەجۆری ڕستیلەییە. بەپێی هەریەکە لەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، لە لەبریدانانی کاریدا کەرەستەکانی بەرانبەریکردن (Contrastive environment) کە دەبێتەهۆی فەراهەمکردنی دەوروبەرێك بۆ لەبریدانان، لەناوخودی ڕستەکەدایە، بەڵام لە لەبریدانانی ڕستیلەییدا کەرەستەی بریتیخراو دەچێتە جێگەی تەواوی ڕستەکە و بەمشێوەیە (کەرەستەی بەرانبەریکردن) لەدەرەوەی ڕستەکەدایە(Halliday & Hasan, 1976: 130) . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەڕوانینە ئەم نموونانە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئایا سبەی بەفر دەبارێت؟ - وا دەڵین.

(دەڵێن) کەرەستەی بەرانبەریکردنە لەو نمونەیەدا، بەڵام ئەم کەرەستەیە لەدەرەوەی ڕستیلەی یەکەمدایە بۆیە دەبێتە لەبریدانانی ڕستیلەیی، بەڵام لەنمونەی:-

- خۆشحاڵم بە ناسینت. - منیش هەروەها

لێرەدا (من) کە بکەری ڕستەکەیە لەڕستەی دووەمدا ئامادەیە، بەڵام تەواوی فرێزە کارییەکە لابراوە، بۆیە بکەرەکە دەبێتە کەرەستەی بەرانبەریکردن و لەناوەوەی ڕستەکە خۆیدایە، کەواتە دەبێتە لەبریدانانی کاریی.

**٢-٣ کرتاندن Ellipsis**

جۆرێکە لەجۆرەکانی دەقبەستیی ڕێزمانی، کە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دەقدا وەکو (وشە، فرێز، ڕستە)کاندا پەیوەندیی دروستدەکات و هۆکاری ئەوەشی، کە کرتاندن دەبێتە یەکێك لەجۆرەکانی دەقبەستیی ئەوەیە، کە گوێگر/ خوێنەری دەق بۆ ئەوەی بتوانێت زانیارییە کرتێنراوەکان درك پێبکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی تری دەق.

هالیدای و ڕوقیە حەسەن لەتیۆریەکەیاندا، لەساڵی 1976 هەردوو بابەتی لەبرییدانان و کرتاندن وەکو دوو بابەتی سەربەخۆ و جیا باسدەکەن، بەڵام دواتر لەساڵی 1985 لەمۆدێلی تەواوکارییەکەیاندا ئەم دوو بابەتە پێکەوە دەخەنەڕوو، چونکە پێیانوایە کرتاندن و لەبرییدانان بەڕادەیەکی زۆر لەیەکدەچن و خاڵی هاوبەشیان زۆرە و تەنانەت دەڵێن (کرتاندن لەبریدانانە بەسفر) (Halliday & Hasan, 1976: 142)، بەڵام بەشێوەیەکی کارەکی باشتروایە ئەم دوو بابەتە جیا لەیەکتر بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەرچەندە هەردووکیان لەلایەنی پەیوەندی بنەڕەتیی نێوان بەشەکانی دەق (وشەکان، فرێزەکان، ڕستیلەکان) هاوشێوەی یەکن و دەتوانرێت کرتاندن بە (کەرەستەی باس نەکراو - some thing left unsaid) ناوببرێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت، کە ئەم کەرەستەیە درکی پێناکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە درککردنی هەریەك لەو کەرەستانە بابەتێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ گوێگر/ خوێنەری دەق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک قسەکەر/ نوسەر لەسەر بنەمای پێشگریمانەی خۆی بڕیاردەدات کەرەستەیەکی زمانیی بکرتێنێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زانیارییەکی هاوبەشە لەنێوان خۆی و گوێگر / خوێنەردا، ئەوە ئەم پرۆسەیە ناودەبرێت بەکرتاندن، کەواتە ((کرتاندن یەکێکە لەو ڕێگایەنەی کە پەیوەندی لەنێوان بەشەکانی دەقدا دروستدەکات و درککردنی واتایی ڕستەیەك پەیوەست بەڕستەیەکی ترەوە دەکات)) (علوی پور، 1391: 32).

(تۆمپسۆن)یش دەڵێت ((کرتاندن پەیوەندییەکی پێکهاتەییە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دەقدا دەردەکەوێت، کرتاندن هەرچەندە ڕێگری لەدووبارەبوونەوەی تەواوی ڕستیلەیەك یان هەر کەرەستەیەک دەکات، بەڵام وەرگر بۆ دۆزینەوەی بەشە کرتێنراوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی تری دەق، یان هەندێجار دەگەڕێتەوە بۆ زانیاری تاکەکەسی خۆی)) (Thompson, 2014:220).

دەبێت ئەوە بزانین ئەم پرۆسەیە لەکاتێکدا دەبێت بە بەشێك لەدەقبەستی، کە کرتاندنەکە لەنێوان چەند ڕستەیەکدا بێت نەك لەچوارچێوەی یەك ڕستەدا بێت، لەم ڕووەوە بۆ تێگەیشتن لەکارکردنی ئەم بابەتە وەکو بەشێك لەپرۆسەی دەقبەستی، دەبێت لەتەواوی دەقەکە یان بەلایەنی کەمەوە لەپاراگرافێك وردبینەوە (خطابی، 1991: 23). لەم پرۆسەیەدا کەرەستەی کرتێنراو بۆشاییەکی پێکهاتەیی (structure slots) بەجێدەهێڵێت، دەبێت بەیارمەتی بەشەکانی تری دەق پڕبکرێتەوە، بەواتایەکی تر کەرەستەی کرتێنراو گریمانەیەك گەڵاڵە دەکات، کە بەیارمەتی بەشەکانی تری دەق دەبێت ئەو گریمانەیە شیکاربکەین (Halliday & Hasan, 1976: 146).

- لانە هەندێ گوڵی مێخەکی هێنا و سایەش هەندێ گوڵی شەوبۆ (هێنا).

لەم نمونەیە پێکهاتەی ڕستیلەی دووەم (بکەر و تەواوکەرەکانییەتی) کارەکەش، کە (هێنا)یە کرتێنراوە، کە لەڕستەی پێشوویدا دەتوانین گریمانەی کارەکە بکەین و بۆشاییە پێکهاتەییەکە پڕبکەینەوە، لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی کرتێنراو لەناو کەوانەدا لەگەڵ ڕستەکاندا دانراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە دەتوانین بڵێین ((پەیوەندی کرتاندن کاتێك پەیدا دەبێت، کە شتێك لەلایەنی پێکهاتەییەوە پێویستە دەرنەکەوێت، بەڵام تایبەتمەندیی بنچینەیی و گرنگی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە شتێك لەئاستی واتایی و ژێرەوەی دەقدا بوونی هەیە، بەڵام لەئاستی نواندن و پێکهاتەیی و سەرەوەی دەقدا دەرناکەوێت)) (جمالی، 1385: 39). کەواتە ئەم پرۆسەیە لەئاستی سەرەوەی زماندایە نەك ئاستی ژێرەوە، چونکە ئەوەی دەکرتێت فۆرمە نەك واتا.

هەروەها لەبنەڕەتیشدا ئەم پەیوەندییە بەمەبەستی ئابووری کردنە لەزماندا، واتە ڕێگایەکە بۆ کورتکردنەوەی ڕستە و دەربڕاوەکان تا ئەندازەیەك کێشەی واتایی و ڕێزمانیی نەهێنێتە ئاراوە، واتە لەهەر شوێنێکی دەقدا دەتوانرێت سود لەکرتاندن ببینرێت بەمەرجێك نەبێتە هۆی تەمومژیی واتایی، چونکە دووبارەکردنەوە دەبێتەهۆی ماندووبوون و بێزاربوونی خوێنەر و گوێگر.

**٢-٣-١ کرتاندنی ناویی Nominal ellipsis**

مەبەست لەکرتاندنی ناویی کرتاندنە لەچوارچێوەی فرێزی ناوییدا، پێکهاتەی فرێزی ناویی لە سەرە (head) پێکدێت، ئەم سەرەیە دەکرێت هیچ تەواوکەرێکی لەگەڵ نەبێت، وە دەشگونجێت یەك یان چەند ژمارەیەك تەواوکەری بەئارەزوو (optional modification)ی لەگەڵ هاتبێت، هەندێك لە تەواوکەرەکان تەواوکەری پێشەوەن (pre-modifier) هەندێکیشیان تەواوکەری دواوەوەن (post-modifier)  بۆ نموونە لەفرێزی ناویی (ئەو دوو ئۆتۆمبێلە خێرا مۆدێل نوێیە)، وشەی (ئۆتۆمبێل) سەرەی فرێزە ناوییەکەیە، وشەکانی (ئەو دوو...ە) دەبنە تەواوکەری پێشەوە، وشەکانی (خێرا، مۆدێل نوێ) دەبنە تەواوکەری دواوە.

هەر فرێزێکی ناویی کە ڕۆڵی سەرەی هەبێت و ئەم سەرەیەش لەلایەن وشەیەکی تر کە پێی دەوترێت تەواوکەر پڕبکرێتەوە، ئەوا فرێزە ناوییەکە دەبێتە کرتێنراو، کەواتە کرتاندنی ناویی بەرزکردنەوە (upgraded)ی وشەیەکە لەڕۆڵی تەواوکەرەوە بۆ ڕۆڵی سەرە ( Halliday & Hasan, 1976: 147-149).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- من حەزم لەچێشتی سوێرە.

- پێموایە (چێشتی) کەمخوێ بۆ تۆ باشترە.

لەو نمونەیەدا ئاوەڵناوی کەمخوێ، کە ڕۆڵی تەواوکەر دەبینێت، بەرزکراوەتەوە بۆ ڕۆڵی سەرە، واتە وشەی چێشت، کە سەرەیە کرتێنراوە و تەواوکەرەکە شوێنی گرتووەتەوە. دەربارەی پێشگریمانە لەفرێزی ناوییدا، ئەوەی کە چ کەرەستەیەک دەبێتە پێشگریمانە، هالیدای و حەسەن پێیانوایە لەوفرێزە ناوییەی کە کرتاندنی تێدەکەوێت، سەرە هەمیشە دەبێتە پێشگریمانە، بەڵام هەندێك کەرەستەی تریش دەگونجێت بەهاوکاری سەرە بنە پێشگریمانە (Halliday & Hasan, 1976: 150-152) بۆ نموونە:

- چوار لەچکی ئاوریشمی سپی لێرەدایە، پێشتر پێنج دانەبوون، من حەزم لەکەتانییەکەیە، خوشکەکەم حەزی لەسەوزەکەیە.

لەو دەقەدا هەرچەندە لەچك سەرەیە و دەبێتە پێشگریمانە، بەڵام لەبەشەکانی تری دەقەکەدا هەندێك لەبەشەکانی تەواوکەر توانیویانە ببنە پێشگریمانە لەگەڵ سەرەکەدا.

- <u>پێنج دانەبوو</u> (لەچکی ئاوریشمی سپی) واتە ئاوریشمی سپی تەواوکەری دواوەویە، بەڵام لەگەڵ سەرەکە کرتێنراوە و بووەتە پێشگریمانە.

- من حەزم لە<u>کەتانییەکەیە</u> (لەچکی کەتانیی سپی) واتە لێرەدا لەچکی سپی بووەتە پێشگریمانە.

**٢-٣-٢ کرتاندنی کاریی Verbal Ellipsis**

مەبەست لە کرتاندنی کاریی کرتاندنێکە لە چوارچێوەی فرێزی کارییدا ڕوودەدات، لەم پرۆسەیەدا فرێزە کارییە کرتێنراوەکە یەك یان چەند وشەیەك دەکاتە پێشگریمانە لە فرێزێکی کاریی تر، کە لە دەقەکەدا هاتووە، بە واتایەکی تر لە پێکهاتەی فرێزی کاریی کرتێنراودا هیچکام لە تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی وەکو: ئەرێ و نەرێ، دیار و نادیاری، نیشانەکانی کات ...هتد دەرناکەوێت، بەڵکو لە ڕێگەی پێشگریمانەوە ئەو تایبەتمەندییانە درك پێدەکەین (جلیله، 1396: 77-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

78). کرتاندنی کاری بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت. ١. کرتاندنی کاری فەرهەنگی 2. کرتاندنی کاری یاریدەدەر.

**٢-٣-٢-١ کرتاندنی کاری فەرهەنگی Lexical Ellipsis**

لەم جۆرەدا کارە فەرهەنگییەکە دەکرتێت، بەڵام کرتاندنی کەرەستەکانی تری فرێزە کارییەکە بەئارەزووە (اختیاری)، کرتاندنی فەرهەنگی لەزمانی ئینگلیزیدا لەلای ڕاستی ڕستەوە بەرەو لای چەپ دەچێت (Halliday & Hasan, 1976: 172). نموونە:-

- have you been swimming? - Yes I have been. - Yes I have.

وەڵامی ئەو ڕستە پرسیارییە پێش کرتاندن بەم شێوەیە بووە (yes I have been swimming.)، بەڵام لەزمانی کوردیدا بەهۆی ئەوەی ڕێنووسی کوردی لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەچێت بۆیە کرتاندنی کاری فەرهەنگی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاستی ڕستەکە دەچێت.

- ڕۆژنامە دەکڕیت یان گۆڤار؟ (دەکڕیت)

لەو نموونەدا (دەکڕیت) کارە فەرهەنگییەکەیە و دەکەوێتە لای چەپی ڕستەوەو کرتێنراوە.

هەندێجار ئەگەر کارە فەرهەنگییەکە لێکدراو بێت، ئەوە بەشی یەکەمی کارەکە دەکرتێنرێت بۆ نموونە: - توێژینەوەکەت پەسەندکرا؟ - بەڵێ (پەسەند) کرا.

لێرەدا کارە لێکدراوەکە (پەسەندکرا)یە، لەوەڵامدا بەشی یەکەمی کارەکە (پەسەند) کرتێنراوە.

**٢-٣-٢-٢ کرتاندنی کاری یاریدەدەر Operator Ellipsis**

لەم جۆرەدا تەواوی کەرەستەکانی فرێزی کاریی جگە لەسەرەی فرێزە کارییەکە، کە کارە فەرهەنگییەکەیە (lexical verb) دەتوانرێت بکرتێنرێت، ئەم جۆرە کرتاندنە لەزمانی ئینگلیزیدا کەرەستەکان لەلای چەپەوە بەرەو لای ڕاست دەچێت (Halliday & Hasan, 1976: 174-176). بۆ نموونە:-

- Has she been crying? No, laughing.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو نمونەیەدا وەڵامەکە پێش پرۆسەی کرتاندن بەمشێوەیە بووە ( She has been laughing)، بەڵام لەلای چەپەوە (she has been) کرتێنراوەو تەنیا کارە فەرهەنگییەکە ماوەتەوە. بەپێچەوانەوە لەزمانی کوردییدا کرتاندنی کاری یاریدەدەر لەلای ڕاستەوە بەرەو لای چەپی ڕستەکە دەچێت.

- دەتەوێت بێیت لەگەڵمان، یان (دەتەوێت) بڕۆیت؟

لەو نموونەدا (دەتەوێت) کاری یاریدەدەرە و دەکەوێتە لای ڕاستی ڕستەوە و کرتێنراوە، بەڵام کارە فەرهەنگییەکە ماوەتەوە.

**٢-٣-٣ کرتاندنی ڕستیلەیی Clausal ellipsis**

سێیەمین جۆری کرتاندنە لە چوارچێوەی دەقدا، تیایدا قسەکەر/نوسەر بەمەبەستی کورتکردنەوەو دوورکەوتنەوە لە زانیاری کۆن و دووبارە، تەواوی ڕستیلە یان بەشێك لە ڕستیلە لە دەقدا دەکرتێنێت، وە گوێگر/خوێنەر بەسەرنجدان لە بەڵگە (قرینە) و پێشگریمانە لە دەقەکە دەتوانێت بەشە کرتێنراوەکە بەدەستبهێنێتەوە و درککردنی پەیامەکە دەستەبەربکات. ئەم جۆرە زیاتر لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵام یان لە چوارچێوەی وەڵامی ڕستیلەی هەواڵیی و فەرمانییدا ئەنجام دەدرێت:

**٢-٣-٣-١ کرتاندن لە زنجیرەی پرسیار و وەڵامدا**

ئەو وەڵامانەی کە لەزنجیرەی پرسیار و وەڵامدا دێن بەگشتی دوو جۆرن: وەڵامی ڕاستەوخۆ (Direct responses)، وەڵامی ناڕاستەوخۆ (Indirect responses).

**یەکەم/ کرتاندن لە وەڵامی ڕاستەوخۆدا**

وەڵامی ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی بەڵێ/نەخێر یان بەشێوەی ڕوونکردنەوە وەڵام دەدرێتەوە:

**أ- وەڵامی بەڵێ/نەخێر:** لەمجۆرە وەڵامانەدا تەواوی ڕستیلەکە دەکرتێنرێت، واتە تەنیا بەڵێ/نەخێر دەمێنێتەوە، کە تایبەتمەندی ڕێزمانیی ئەرێ/نەرێ پیشاندەدەن ((ئەو وەڵامانەی کە بەڵێ/نەخێرن،

تایبەتمەندیی جەمسەرگیری (polarity) دەگوێزنەوە، واتە تەنیا بە وتنی (بەڵێ/نەخێر) ئەوە دەردەخات، کە وەڵامەکە ئەرێیە یان نەرێ)) (سرفرازی، 1398: 115). پرسیارەکەش بە وشەی پرسی (ئایا) یان بەبەرزکردنەوەو گۆڕینی ئاوازی دەنگ دەکرێت.

- ئایا تۆ دێیت؟ - بەڵێ.

لێرەدا وەڵامەکە پێش پرۆسەی کرتاندن بەمشێوەیە بووە: (بەڵێ من دێم) واتە ڕستیلەی (من دێم) کرتێنراوە.

جۆرێکی تر لەوەڵام هەیە وەکو: لەوانەیە، ڕەنگە، بەگشتی، پێدەچێت ... ئەم ڕەگەزانە وەڵامێکی گونجاون، کە لەبری بەڵێ/نەخێر بەکاردێن و ئەرکی دەقبەستیی دەبینن، چونکە ئەم وشانە جگە لەتایبەتمەندیی ئەرێ/نەرێ تەواوی زانیارییەکان لەشوێنێکی ترەوە پێشگریمانە دەکەن و لەدوایانەوە تەواوی رستیلەکە دەکرتێنرێت (جمالی، 1385: 45).

- سبەینێ تۆش دێیت؟ - لەوانەیە (سبەینێ منیش بێم)

وەك دەردەکەوێت هەموو ڕستیلەکە لەوەڵامدا کرتێنراوە.

**ب- وەڵامە ڕوونکەرەوەییەکان**: ئەم جۆرە وەڵامانە بۆ ئەو پرسیارانە بەکاردێن، کە بەوشەی پرس (wh-question) دەستپێدەکەن، جۆری وەڵامەکە ئەو زانیارییانەی تێدایە، کە وشە پرسەکە داوای دەکات جگە، لەوە بەشەکانی تری پرسیارەکە دەکرتێنرێت (جمالی، 1385: 45).

- نرخی ئەم کاتژمێرە بەچەندە؟ - بیست هەزار.

ئەگەر وەڵامەکە پرۆسەی کرتاندنی تێدانەکرێت، بەمشێوەیە دەبێت (نرخی ئەم کاتژمێرە بیست هەزارە)، بەڵام لە بەرئەوەی زمان هەمیشە هەوڵی ئابووریکردن دەدات، واتە بەکەمترین وزە زۆرترین زانیاریی بگەیەنێت، بۆیە وەڵامەکە تەنیا بۆ وشەی پرسی (بەچەندە) دەڵێین و بەشەکانی تری ڕستیلەکە دەکرتێنین.

**دووەم/ کرتاندن لە وەڵامی ناڕاستەوخۆدا:** جۆرێك لەوەڵام هەیە لەبنچینەدا وەڵام نیە، بەڵکو سەرنجی وەڵامدەرە سەبارەت بەپرسیارەکە، کە پێیاندەوترێت وەڵامی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش سێ جۆری هەیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ. **وەڵامە ڕاڤەییەکان Commentary responses:** ئەم جۆرە وەڵامە لەڕاستیدا سەرنجی وەڵامدەرە سەبارەت بە وەڵامی سەرەکی یان بێئاگاییەتی دەربارەی وەڵام ((لەم حاڵەتەدا وەڵامدەرەوە وەڵامەکە نازانێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامەکە پشتڕاست دەکاتەوە یان ڕەتدەکاتەوە)) (بدری، 1395: 74).

- ئایا ئەمڕۆ سێشەممەیە؟ - نازانم

لەوەڵامەکەدا دەردەکەوێت تەواوی ڕستیلە پرسیارییەکە کرتێنراوە، وەڵامەکە پێش کرتاندن بەمشێوەیە (نازانم کە ئەمڕۆ سێشەممەیە یان نا).

ب- **وەڵامە نکۆڵییەکان Disclaimer responses:** لەمجۆرە وەڵامەدا، کەسی وەڵامدەر لەڕێگای پرسیارکردنەوە خۆی لەوەڵامدانەوە دەدزێتەوە، واتە لەبری ئەوەی وەڵام بداتەوە پرسیاردەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەمجۆرە وەڵامانەدا بەشێك لەڕستیلەکە یان هەمووی دەکرتێنرێت.

- باترییەکەت تاقیکردەوە؟ - چۆن؟

وەڵامی قسەکەر مەبەستی لەوەیە (چۆن باترییەکە تاقیبکەمەوە؟) وەك دەردەکەوێت تەواوی ڕستیلەکە کرتێنراوە.

پ- **وەڵامی تەواوکەرانە supplementary response:** لەوەڵامی تەواوکەرانەدا وەڵامدەر زانیارییەکی زیاتر دەبەخشێت، کە زیاترە لەو زانیارییەی پرسیارەکە داوای دەکات، ئەوەی جێی باسە ئەمجۆرە وەڵامە زیاتر چەمکی ئاماژەگەریی تێدایە (واتە لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی پێویست وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو ئاماژە وەڵام دەداتەوە (Halliday & Hasan, 1976: 213-214).

- دەتوانیت ئەو مێزە بەرز بکەیتەوە؟ - ئەگەر کەمێك چاوەڕێ بکەیت.

لەوەڵامی تەواوکەرانەدا تەواوی پرسیارەکە دەکرێتە پێشگریمانە و لەگەڵ وەڵامەکە پێکەوە پەیوەندییەکی پێکهاتەیی بەرقەرار دەکەن، واتە وەڵامی ئەو نمونەیەی سەرەوە پێش کرتاندن بەمشێوەیە (بەڵێ دەتوانم ئەو مێزە بەرز بکەمەوە، ئەگەر کەمێك چاوەڕێ بکەیت).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣-٣-٢ کرتاندن لە زنجیرەی ڕستیلەی هەواڵیی و فرماندا**

چەند جۆرێك وەڵامدانەوە هەیە، کە لەوەڵامی ڕستیلەی پرسدا نایەت واتە لەزنجیرەی پرسیار و وەڵامدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو ئەمجۆرە وەڵامانە بەگشتی لەدوای ڕستیلەی هەواڵی یان فرمانییەوە دێن. ئەم وەڵامانەش سێ جۆرن: ١- ڕەزامەندی Assent 2- دژایەتی Contradiction 3- پرسیارکردن

لەم نمونەیەدا ئەم سێ جۆرە وەڵامە ڕوون دەبێتەوە:-

- خەریکە باران دەبارێت. ڕستیلەی هەواڵی

- لەوانەیە. ڕەزامەندی / - نا. دژایەتی/ - دڵنیای؟ پرسیارکردن

ئەو وەڵامانەش کە لەدوای ڕستیلەی فرمانییەوە دێت سێ جۆرن:-

١- ڕەتکردنەوە Refusal 2- ڕازیبوون Consent

3- پرسیارکردن. (Halliday & Hasan, 1976: 206-212).

ئەم سێ خاڵەش لەم نمونەیەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:-

- بەتەنیا جێمبهێڵە. ڕستیلەی فرمانیی

- نابێت. ڕەتکردنەوە / - باشە. ڕازیبوون / - بۆچی؟ پرسیارکردن

هەروەکو لەنمونەکاندا ڕوونبووەوە، لەوەڵامی هەریەك لەڕستیلە هەواڵیی و فرمانیەکەدا زانیارییەکانی ناو ڕستیلەکان لەوەڵامەکەدا دووبارە ناکرێنەوەو دەکرتێنرێن، کەواتە هەریەك لەو وەڵامانە کەرەستەو ئامرازێکن بۆ پێکەوەلکان و بەرجەستەکردنی پرۆسەی دەقبەستی لەچوارچێوەی دەقدا.

## دەر ئەنجام

1. لەبریدانان و کرتاندن بەمەرجێک دەتوانن ببنە بەشێک لە پرۆسەی دەقبەستی، کە هەریەکەیان لە نێوان چەند ڕستەیەکدا بن، نەک لە چوارچێوەی یەک ڕستەدا.
2. کرتاندن لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی ئابوریکردنە لە زماندا، ڕێگایەکە بۆ کورتکردنەوەی ڕستە و دەربڕاوەکان، تا ئەو ڕادەیەی کە کێشەی واتایی و ڕێزمانی نەهێنێتە ئاراوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. لەبریدانان ڕێگایەکە بۆ پیشاندانی زانیاریی کۆن، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ، واتە لەبری ئەوەی زانیارییە کۆنەکە دووبارەبکەینەوە، ئەوە بەڕێگای لەربرییدانان زانیاریی کۆن بەشێوەیەکی نوێ دووبارە دەکەینەوە.
4. لەزمانی کوردیدا نزیکی و لێکچوونێکی زۆر لەنێوان کرتاندنی کاریی و کرتاندنی ڕستیلەییدا هەیە و زۆرجار جیاکردنەوەیان ئاڵۆزە.
5. لەبریدانانی ناویی و کاریی لەلایەنی توانای جیگرتنەوەی کەرەستەکانەوە لەیەکتر جیاوازن، چونکە لە لەبریدانانی ناوییدا، بریتیخراو تەنها شوێنی سەرەی فرێزی ناویی دەگرێتەوە، بەڵام لە لەبریدانانی کارییدا، بریتیخراو دەتوانێت شوێنی کار و هەموو ئەو کەرەستانەی کە سەر بەفرێزە کارییەکەن بگرێتەوە.

## سەرچاوەکان

1- تۆفیق، قەیس کاکل، ٢٠٠٢، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
2- ڕەسوڵ، باباڕەسوڵ نوری، ٢٠١٣، شیکردنەوەی دەق نوکتە بەنموونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
3- خطابی، محمد، ١٩٩١،  لسانیات النص مدخل الی انسجام الخطاب، الطبعة الثانیة، المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء، المغرب.
4- ایشانی، طاهره، ١٣٨٩، انسجام در غزل فارسی، رساله دکتری، دانشکدەی ادبیات وعلوم انسانی، دانشگاهـ تربیت معلم.
5- بدری، سجاد، ١٣٩٥، بررسی عوامل انسجام دستوری در متون نوشتاری فارسی اموزان ترکی زبان، کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبایی، تهران.

6- جليله، الميرا، ١٣٩٦، بررسی عوامل انسجام دستوری در دست نوشتەهای زبان اموزان جامعه المصطفی، کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبایی، تهران.

7- جمالی، رسول، ١٣٨٥، بررسی پیوندهای انسجام دستوری ارجاع، حذف و جانشینی در متون خواندن کتابهای((فارسی بیاموزیم))دوره میانه و دوره پیشرفته، کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبایی، تهران.

8- ستاری، رضا، مرضیه حقیقی، ١٣٩٥، بررسی شگردهای ایجاد انسجام در اشعار قیصر امین پور باتکیه بر نظریه زبانشناسی هالیدی، فنون ادبی(ادبی - پژوهشی)، سال هشتم، شماره ١ پیاپی١٤.

9- سرفرازی، طیبه، ١٣٩٨، کارکرد عوامل انسجام با تکیه بر الگوی هلیدی (مورد پژوهی کتاب بلاغات النساء ابن طیفور)، رساله دکتری، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه بین المللی امام خمینی، قزوین.

10-علوی پور، ملیحه، ١٣٩١، بررسی عوامل انسجام در متن کتابهای فارسی مقطع رهنمایی، کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی، تهران.

11-قیصی پور، امیر، ١٣٩١، ابزارهای انسجام واژگانی در کتاب تنگسیر نوشته صادق جوبک بر پایه نظریه هالیدی و حسن ١٩٧٦، کارشناسی ارشد، دانشگاه سیستان و بلوجستان.

12-نظری، علیرضا، ١٣٨٩، کارکرد عوامل انسجام متنی در خطبەهای نهج البلاغه، رساله دکتری، دانشگاه تربیت مدرس.

13-وکیلی، محمد تقی زند، محمد حسن امرایی، ١٣٩٦، ارزیابی مقایسەای ابزارهای انسجام در سوره طارق و ترجمه ان از محمد مهدی فولادوند: از دیدگاه نظریه هالیدی و حسن ١٩٨٥، دوفصلنامه علمی – پژوهشی، مطالعات ترجمه قرأن حدیث، دوره ٤، شماره ٧.

14-Brown, Gillian, yule, George, 1983, discourse analysis, New York, Cambridge.

15-Halliday, M.A.K.& R. Hasan, 1976, COHESION IN ENGLISH, London ,longman.

16-Halliday, M.A.K.& R. Hasan, 1985, language, context, and text: aspects of language in a social-semiotic perspective, Deakin university press.
17-Hasan, R. 1984, Coherence and cohesive harmony, J. flood, understanding reading comprehension, IRA, Newark: Delaware.
18-Thompson, Geoff, 2014, introducing functional Grammer, third edition, routledge, London& new York.

## Substitution & Ellipsis in Kurdish language

## Based on the theory of (Halliday &R. Hasan)

**Shadan Hama amin Mohammad**
Department Kurdish, College of education, University of Koya, City Koya Kurdistan Region, Iraq.
Shadanhamaamin2@gmail.com

**Sherwan Husen Hamad**
Department Kurdish, College of education, University of Raparin, City Ranya, Country Kurdistan Iraq.
Sherwan983@uor.edu.krd

***Keywords:*** *Cohesion, Ellipsis, Reference, Substitution, Grammatical cohesion.*

## Abstract

This study which is entitled “Substitution *and ellipsis in Kurdish Language*” is devoted to the study and highlighting of the processes of substitution and ellipsis in Kurdish language, according to the principles of Haliday and Ruqia Hassan’s systematic functional linguistics, which is one of the theoretical branches of functional linguistics that has meaning (semantics) and function as its base. When the speaker/writer expresses a concept in the form of a series of sentences, he\she seeks to achieve a unified text; a text whose beginning is connected to the end. This

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

can’t be achieved unless there is a complete connection between the component parts of the text. The tools that play a role in creating connection between sentences are called cohesive devices, which consist of a number of lexical and grammatical tools between the component parts of the text and these devices distinguish the text from a number of meaningless sentences. Within this theory, the grammatical devices are divided into four parts, they are: reference, substitution, ellipsis and conjunction. The scope of this research focuses on both the processes of substitution, ellipsis in Kurdish language.

---------------------------------------------------------------

# الاستبدال والحذف فى اللغة الكردية
# في ضوء اراء (هاليدى، روقية حسن)

## ملخص:

هذه الدراسة التي تحمل عنوان "الاستبدال و الحذف في اللغة الكردية" مكرسة لدراسة وإبراز عمليات الاستبدال و الحذف في اللغة الكردية ، وفق مبادئ اللسانيات الوظيفية المنهجية ل(هاليداي ورقية حسن)، والتي تعد من النظرية اللغويات الوظيفية التي لها معنى (دلالات) وتعمل كأساس لها. عندما يعبر المتحدث / الكاتب عن مفهوم في شكل سلسلة من الجمل ، فإنه يسعى إلى تحقيق نص موحد؛ نص ترتبط بدايته بالنهاية. لا يمكن تحقيق ذلك ما لم يكن هناك اتصال كامل بين الأجزاء المكونة للنص. الأدوات التي تلعب دورا في إنشاء الاتصال بين الجمل تسمى الأدوات المتماسكة ، والتي تتكون من عدد من الأدوات معجمية والنحوية بين الأجزاء المكونة للنص وهذه الأدوات تميز النص عن عدد من الجمل التي لا معنى لها. ضمن هذه النظرية ، يتم تقسيم الأدوات النحوية إلى أربعة أجزاء ، هي: الاحالة ، والاستبدال ، والحذف ، والربط. يركز نطاق هذا البحث على كل من عمليات الاستبدال والحذف في اللغة الكردية.